# ئیسماعیل محەمەد خدر – ئاودێر

لە ساڵی 1957 لە گوندی ماوەرانی گەورە نزیك شەقلاوە لە دایك بووە لە بنەماڵەی حەیدەریانە
لە بەهاری ساڵی 1075 دەستی بە نووسینی شعر کردووە
لە 1987 ەوە بەرهەم بلاۆئەکاتەوە
لە زۆر کۆڕشی شعر خوێندنەوە لە شەقلاۆە بەشدار بووە
لە کۆنگرەی راپەرشنی یەکێتی نووسەرانی کورد لە شەقلاۆە 1991 بۆتە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد
یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی شەقلاۆە

ئاودێر یەکێکە لەو شاعیرانەی کە تا ئێستا وەك کتێب شعرەکانی بە چاپ نەگەیاندوون بۆ ئەم باسەش ئێمە شعرە بلاۆکراوەکانی بەڕێزیان لە ژمارەکانی شالووردا کردنە سەرچاوە.
ئاودێر وەك ئەوەی من سەرنج ئەدەم بە هەناسەی هەفتاکان و هەشتاکانەوە ئەنووسێت و دووریش نیە کە هەر لە هەشتاکانەوە شعر بنووسێت.
ئاودێریش وەك زۆربەی شاعیرانی دی لە ناو کەشی گشتی شعری قۆناغێکی درێژ و گەورە و گرنگی شعری کوردیدا نووسیویەتی و وەك ئەوانیش دەربڕی هەست و مانا گشتییەکانە.
پێشمەرگە و هیوا و ولات و عەشق ،بابەتەکانی شعرین و بە هەناسەی خۆی پەخشییان ئەکاتەوە، دیسانەوە سۆزداریش بەشێکە لە وێنە شعرییەکان و زمانیشی زمانێکی رەوان و سادە و ئامرازی گواستنەوەی ماناکانە.
شعرەکانی ئاودێر شعرێکن ئێمە راهاتووین بە گوێ گرتنیان و بەئاسانی ئەتوانن پەیوەندی لەگەڵ خوێنەردا دروست کەن، دیارە ئاسانی پەیوەندییەکە بۆ ئاسانی خودی شعرەکان و ئاسانی دۆزینەوەی ماناکان ئەگەڕێتەوە.

دیاریشە تا ئێستا خوێنەری کورد بە گشتی بەدوای پەیوەندی ئاسان و مانای ئاسان لە شعردا ئەگەرێت تا ئێستا شعری ئاسان خوێنەری زیاترە و پەیوەندی خوێنەری ئاسان و دەقی ئاسانیش زیاترە و بلاۆترە.

ئاودێریش یەکێکە لەو شاعیرانەی توانیویەتی بە ئاسانی پەیوەندی لە نێوان شعر و خۆی و خوێنەردا دروست بکات و شعرەکانی بۆ خوێندنەوە رەوان و بێ گرێ و گۆڵ بن و مێشکی خوێنەر نە ئەهەژێنێ و نەدێشێنێ و نەماندووی ئەکات!

دیاریشە ئەم شعرە وەك گووتم ماوەیەکی درێژە ئەنووسرێ و ئەدرێتە خوێنەر و خوێنەریش راهاتووە بە وەرگرتنی ماناکانی شاعیر و تا رادەیەکی باشیش خۆی تێدا ببینێتەوەو تێکەلاۆی شعرەکان ببێت.

دیارە ئێمە لێرەدا باسمان لە باشی و خراپی شعرەکانی ئەو قۆناغە و هی کاك ئاودێر نیە بەقەد ئەوەی کە لەرێی ئەم شاعیرانەوە ئەمانەوێ شتێك سەبارەت بە شعری کوردی بە گشتی و هی شەقلاۆەش دیاربکەین و بزانین کا شاعیرانی ئێمەش چەند لەگەڵ قۆناغ و کاروانی شعردا تێکەڵ بووینە و چەندیش لێی دابڕاون و چەندیش لێی دەرچوون.

دیارە شاعیرانی شەقلاۆەش لەو کەشە گشتییەی شعری کوردی دابڕا و نەبووینە و بەگوێرەی قۆناغەکانی شعری کوردیش نموونەی شعریمان هەیە و شاعیرمان هەیە دەربڕی ئەو قۆناغانە و ئەو بابەت و مانایانەن کە بە شێوەیەکی گشتی لە شعری کوردیدا خۆیان نمایش کردووە.

لە رێی ئەم شاعیرانەشەوە بە شعرەکانییان ئەزانین کە گوڵزاری شعری شەقلاۆەش تەنیا یەك رەنگ و یەك بۆن نیە و بەڵکو لە نێوان ئەوانیشدا جۆرەها گوڵی رەنگاو رەنگ و بۆندار هەن کە بە هەر هەموویانەوە باخچەی شعری شەقلاۆە رەنگینتر و بۆن خۆشتر ئەکەن.

دیاریشە ئەم دەوڵەمەندییە سەرچاوەکەی لە بۆچوونی جیاواز و روانینی جیاوازی شاعیرەکانەوە دێت و هەر یەکەیان لە بن کاریگەری جودا تەماشای شعر و نووسین و شێوازی نووسین و بیرکردنەوە و  شێوازی دەربرینیش ئەکەن.

بێجگە لەمەش ئاودێر هەندێجار بە هەناسەیەکی کلاسیزمییانەوە ئەنووسێت و هەوڵ ئەدات تێکەڵی ئەو دونیایە دەوڵەمەند و جوانە بێت هەروەکو لە پێنج خشتەکییەکی دا لەسەر پەندێکی پیرەمێرد داناوە کە دیاریشە لێرەدا ئاودێر ئەیەوێت پەیامی پەروەردەیی و وەعز ئامێزانەی بەشێکی کلاسیکەکان بگوازێتەوە ناو شعرەکانی.

**دیاریشە ئەمە نیشانەی ئەو تێگەیشتن و بۆچوونانەی ئاودێرە کە نەوەك تەنیا زمان ئامێری گوازتنەوەی ماناکانی بێت بۆ خوێنەر بەڵکو ئەشیەوێ لە پاڵ ماناکانیدا بە زمانی کلاسیکەکان پەیام و بۆچوونەکانی خۆیشی بە شێوەیەکی پەروەردەیی ئاراستەی خوێنەر بکات:**